کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-6-2007 0:36بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## گەمە ناڕەواکانی حزبی کوردی! ... سلێمان عەبدوڵلا یونس

slemanyunes@yahoo. co. uk

بێگومان ناکرێ چاو لەو هەنگاوانە بپۆشین کە سەرکردایەتی سیاسی خەڵکی کوردستان بەتایبەت سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی هاویشتویانە لە پێناوی ڕێکخستنەوەی زیاتری نێو ماڵی کوردیدا، بەڵام دیسانیش ناکرێت چاو لە سستی و خاوی ئەو هەنگاوانە بپۆشرێت کەسەرکردایەتی هەردوو حزب دەیانتوانی شێلگیرانەتر بیهاوێژن لە پێناوی پەلەکردن لە گرتنی ئەو درز و کەلەبەرانەی کە پێویست بوو لەوادەی دیاریکراوی خۆیاندا گیرابوونایە، بەتایبەت کە ڕۆشنە هەر هاتنە ژورەوە و دزەکردنێکی ئەوانی دیکە لەو دیوی ئاگایی کورد و سەرکردایەتیە سیاسیەکەی نەک هەر زیان بە بەرژەوەندیەکانی ئەو دوو پارتە بەڵکو بە تەواوی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی هەرێمەکەش دەگەیەنێت.



زۆرن ئەوانەی کە بەبەردەوامی بانگەوازی هەروو پارتە باڵادەستەکەی کوردستانیان کردووە بۆ زیاتر ڕێکخستنەوەی ئەوەی بەنێو ماڵی کوردی ناوزەد کراوە، بێگومان ڕێکخستنەوەی نێو ماڵی کوردی پێویستی بەجەسارەتێکی مێژوویی گرنگی حزبی کوردیەوە هەیە، جەسارەتێک کە حزبی کوردی لەسەر دەستی یەکێتی و پارتی بەئاکامی بگەیەنێت، جەسارەتێک کە پێویست دەکات لەم هەلومەرجەی ئێستای کوردستان و عێراق و ناوچەکە و دنیادا سەرکردایەتی ئەو دوو پارتە کوردستانیە هەیانبێت بۆئەوەی؛ ئەوەی کە ناوی بەرژەوەندی پارتایەتی تەسکە ئەگەر بۆ ماوەیەکی ڕاگوزەری و کاتی و تاکتیکەڵیش بێت سڕ (تەجمید) بکرێت.

لە دوایین کۆبونەوەی لوتکەیی نێوان بەڕێزان تاڵەبانی و بارزانیدا کە ڕۆژی سێی جونی ئەمساڵ لەهاوینەهەواری دووکان بەڕێوە چوو، هەروەکوو چاوەڕواندەکرا هەردوو سەرۆک بەتوندی دژی ئەو هاوبەندیە سیاسیە عێراقیەی کە ڕۆژی 29 /2007/04 لە قاهیرە پێکهێنراوە وەستانەوە، بەتایبەت کە ڕۆشنە ئەو هاوبەندیە سیاسییە لە سەردەستی نەیارانی دەستوری عێراق بەتایبەت نەیارانی ئەو بڕگانەی کە بەلای کوردەوە چارەنوسسازن وەکوو (مادەی 140 و نەوت و دیموکراسی و فیدراڵی)، ڕێبەرایەتی دەکرێت.

لەڕاستیدا ئەو هاوبەندیە سیاسیە لەناوەرۆکدا هەوڵێکی دەوڵەتە عەرەبیەکانە بەتایبەت (میسر و عەرەبستانی سعودی و ئوردن) بۆ گەڕاندنەوەی عەرەبە سوننە مەزهەبەکانی عێراق، ئەو کەمایەتیە مەزهەبیە شۆڤینیەی کە بەدرێژایی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق فەرمانڕەوایی دەوڵەتی زۆردارانەی عێراقیان کردووە. هەتا وادەی ڕووخانی بەعس لە ساڵی 2003 لەسەردەستی ئەمریکاو هاوپەیمانە خۆرئاواییەکانی.

بەشداری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەو هاوبەندیە عێراقیەی کەلە قاهیرە ڕاگەیەندرا یەک لەو نیگەرانیانەی سەرکردایەتی سیاسی خەڵکی کوردستان بوو کە لە سەر زاری سەرۆک تاڵەبانی پەردەی لەسەر هەڵماڵدرا. بێگومان گازندەی سەرکردایەتی سیاسی خەڵکی کوردستان لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە حزبی هاوبەشە لە پەرلەمان و حکومەتی کوردستاندا، گلەیی و گازندەیەکی بەجێیە، بەتایبەت کەلای هەموان ڕوونە ئەو هاوبەندیە سیاسیەی لە قاهیرە پێکهێنراوە بۆ دژایەتی کورد و شیعەیە، هاوپەیمانیەتێکە لە تاکتیک و ستراتیژی خۆیدا بۆ دژایەتی بەرژەوەندی و قازانجی زۆرینەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

گەلانی عێراق لەسەروشیانەوە خەڵكی هەرێمی كوردستانی عێراق قورمیش كراوە. بەڵام ئایا ئەگەر بۆ یەكگرتووی ئیسلامی نەبێت لەسەر بنەمای بەرژەوەندیە باڵاكانی خەڵكی كوردستان گەمەی سیاسی نادروست بكات و بچێتە هاوپەیمانێتیەكی لەو چەشنەوە كە بە لای خەڵكی كوردستان و سەركردایەتیە سیاسیەكەیەوە حەرام و ناشەرعییە، ئایا بۆ یەكێتی و پارتیش كە گەورەترین سودمەندی ئەزمونی كوردستانی عێراقن نابێت لانی كەمی ئەو حەرامی و ناشەرعیە هەبێت كە ئەوان بەجۆرێكی دیكە و لە رێگای گەمەی نادروستی پارتایەتی تەسكەوە رۆژانەو بەبەردەوامی لەگەڵ یەكتری و خەڵكی كوردستانیش ئەنجامی دەدەن؟
رەنگە هەبێت بپرسێت بڵێت ئەرێ كامانانەن ئەو گەمە حەرام و نا رەوایانەی یەكیتی و پارتی لە گەڵ یەكتری لەلایەك و لەگەڵ خەڵكی كوردستانیش لەلایەكەی دیكەوە ئەنجامی دەدەن؟ بۆ ئەوەی بتوانین هەم وەڵامی ئەو پرسیارانەی ئەو بەرێزانە بدەینەوە و هەمیش هەمان گازندەی لەچەشنی لۆمەكەی یەكگرتوو رووبەرووی سەركردایەتی سیاسی خەڵكی هەرێمەكەی خۆمان بكەینەوە، دەبێت راشكاوانە پەنجە لەسەر ئەو كێماسیانە دابنیین كە تا نوسینی ئەم وتارەش لە سەر دەستی یەكێتی و پارتی لە كەڵەكە بوونی بەردەوام دان.
گریمان چاومان لە مێژووی فەرمانرەوایی یەكێتی و پارتی پۆشی تا دەگاتە دوای رووخانی بەعس و لەدوای ئەو مێژووەوە بكەوینە یەكلاكردنەوەی ئەكاونتی (حسابات) ئەوان، خۆ ئەگەر لەدوای ئەو رێكەوتەشەوە تەنها فاوڵە سیاسیەكانی ئەو دوو پارتە زاڵە لەگەڵ یەكتری و خەڵكی كوردستانیش ئەژمار بكەین، هێشتا كۆی بەشێكی بچوكی ئەو گازندانەی بەر ئەوان دەكەوێت چەندان جار قەبەتر دەبێت لەو گازندانەی كە رووبەرووی پارتە ئیسلامی و علمانیە كوردستانیەكانی دیكەی ئەم هەرێمە دەبنەوە بە یەكگریووی ئیسلامی كوردستانیشەوە. چۆن؟

بێگومان لە دوای روخانی بەعسەوە ناوچەكە بەردەوام بەرەو رووی گۆرانكاری بەردەوامی خێرا دەبێتەوە بەكوردستانی خۆشمانەوە، بەڵام ئەگەر بێین لەدەرەوەی دەست و دەموچاوەكانی حزبەوە لەشەقامی كوردی بپرسین ئایا ئەوەی بەدەسەڵاتی كوردی ناسراوە لە كوێی ئەو گۆرانكاریانەوە بووە كە هەتائێستا بەشێوەیەكی دینامیكی روودەدەن، بیگومان وەڵامە گەلێكمان دەست دەكەوێت كە جێگەی نیگەرانی نیستیمانی رەوای هەموو تاكێكی هوشیاری ئەم هەرێمەیە! وەڵامەگەلێك كە لەدواجاردا هەمومان لەبەردەم بەرپرسیاریەتێكی مێژوویی گرنگ رادەگرێ! رەنگە لەوەش خراپتر؛ هەندێ لە روناكبیر و تێكۆشەرە بەئاگاكانی ئەم میللەتە بە هی یەكیتی و پارتیشەوە توشی شۆك و بێ ئومیدی و رەشبینی بكات، رەشبینی و نائومێدیەك كە رەنگە پەیوەندیەكی قوڵی بەئایندەی سیاسی ئەم میللەتەو ئاسایشی نەتەوایەتی كوردەوە هەبێت!.
دەكرێت لێرەدا لە سەركردایەتی باڵادەستی ئەم هەرێمە كە هەمان كاتدا سەركردایەتی باڵادەستی دوو پارتە كوردستانیە زاڵەكەشە بپرسین، ئەرێ ئەوەی ئێوە لەنێو ماڵی كوردیدا پەیرەوی دەكەن جۆرێكی دیكەی هەمان ئەو گەمە حەرامە نییە كە ئێوە بە دەنگی بەرز سەرزەنشتی پارتێكی بەباكگراوند و بە فەلسەفە ئیسلامی وەكوو یەكگرتووی پێدەكەن؟ ئایا بەردەوام بوون لەسەر بەلەت لەت مانەوەی گرنگترین وەزارەت و دامەزراوەكانی حكومەتی كوردستان لەچەشنی وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگەو دارایی لەپێناوی مانەوەی ئەو لەشكرە حزبیەی خۆتان لەو دامەزراوە گرنگانەی هەرێمدا مایەی لۆمەیەكی نیشتیمانی جدی خەڵكی ئەو هەرێمە نییە لێتان؟ ئایا ئەو سیاسەتەی ئێوە لە كەركوكدا گرتوتانەتە بەر، سیاسەتێك كە تەنها سێرەی بەرژەوەندی پارتایەتی تەسكتان پێ لە پۆستە ئیدارەكان

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
8-6-2007 0:36یەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کەرکوک گرتووە و بەدوای سیاسەتی دابەشکردنەی برایانەی ئەو پۆستە ئیداریانەی ئەو شارە بێنازەوەن لەنێوانی خۆتاندا، خەوشێک نییە کەڕووبەڕووی لۆمەیەکی کوردستانی ببنەوە لەسەری؟ ئەمە لەکاتێکدا کە تەواوی خەڵکی ئەو هەریمە دڵیان لەسەر دەستیانە بەرامبەر چارەنوسی ئەو شارە کە لە ڕاستیدا نەک هەر چارەنوسی شارێکە بەڵکو چارەنوسی هەرێمەکەو ئاسایشی هەریمەکەشی پێوە بەندە!!

یەکگرتوو بەچوونە ناو ئەو هاوبەندیە گوماناویەوە، جگە لەوەی جاڕی گەمەیەکی ناڕەوایدا، کەوتە داوی هەڵەیەکی سیاسی زەقیشەوە، هەڵەیەک کە ئەو ڕاستییە تاڵە بۆ ئێمە دووبارە دەکاتەوە کە حزبی کوردی لە ئەو پەڕی چەپەپیەوە تا ئەو پەڕی ڕاست، لە ئەو پەڕی علمانیەوە تا ئەو پەڕی ئیسلامی لە پێناوی بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی خۆیدا دەست دەکات بە هەموو کونێکەوە!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.